## (( ڕوونکردنەوەیەك سەبارەت بە پێویستی پارێزگاریکردن لە ژینگە و نادرووستی ڕاوکردنی نایاسایی ))

ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە دانیشتنی نا ئاسایی خۆیدا لە ڕۆژی سێشەممە ٢٠١٩/٤/٢٣ تاوتوێی نوسراوی کۆڕبەندی هزری ئیسلامی کوردستان ژمارە (٣) لە ٢٠١٩/٤/٧ کە ئاڕاستەی ئەنجومەنی باڵای فەتوا کردبوو، سەبارەت بە دەرکردنی فەتوایەکی تایبەت بە پاراستنی ژینگەی کوردستان، بە تایبەت (داڕشتەکانی ڕاوکردن)، دوایی تاوتوی کردنی پرسەکەی کرد ئەم ڕوونکردنەوەیەی دا، بەم خاڵانەی لای خوارەوە:

١- ئەرکی سەرشانی هەموو هاونیشتیمانی کوردستانە، کە پارێزگاری تەواو لە ژینگەی کوردستان بکەن ، وەك ئەرکێکی ئاینی نیشتیمانی، چونکە لە چوارچێوەی فەرمانی خودایدا خۆی دەبینێتەوە، کە دەفەرموێت: (ولا تبغ الفساد في الأرض إن الله لايحب المفسدين) سورة القصص/٧٧، هەروەها دەفەرموێت: (ولاتفسدوا في الأرض بعد اصلاحها) سورة الأعراف/٥٦، کە هەموو فەساد وگێرەشێوێنی و بەد کارییەك لەخۆدەگرێت. هەروەها کەمترین وەفایە، کە بەخەرجی بدەین بۆ وڵاتەکەمان، کە خودا بە جوانی بە ئێمەی کوردی بەخشیوە.

٢- بەو پێیەی کە ڕاوکردنی نادرووستە ، لە چوارچێوەی شەریعەتی ئیسلامدا جێگەی نابێتەوە، وەك ڕاوکردن لە کاتی زاوزێ کردن، یان ڕاوکردن تەنها بۆ ئارەزووبازی، یان نەخواردنی، یان ڕاوکردنی پەلەوەر و گیانلەبەری ناوازە، بە گشتی ڕاوکردنی بێ مۆڵەتی فەرمی، کە یاسا ئاماژەی بۆ کردووە، تێکڕای ئەمانە دەبنە هۆی تێکدانی ژینگەی کوردستان، کە بێگومان کوردستان بەدار و درەخت و پەلەوەرو گیانلەبەرو ئاو و هەواوە ڕازاوەتەوە و هەر تێکداتێکی ئەو بوارانە، دەبێتە تێکدانی ژینگەی کوردستان، کە پێشتر ڕژێمی بەد ناوی بەعس، وەك قات وقڕی مرۆڤی کوردی کرد، هەروەها بە ڕشتنی ژەهری کوشندە و وێرانکردنی گوندەکان، ژینگەی کوردستانی خاپوورکرد و زۆرێك لە پەلەوەرو گیانلەبەرانی فەوتاند، هەروەها باغ و سەرچاوەکانی وشك کرد، کە پێویستە کورد وشیار بێت و هەوڵی پێچەوانە بدات بۆ ئاوەدانکردنەوەو ڕاستکردنەوەی ژینگەی کوردستان.

٣- پێویستە هەموو هاوڵاتیەك پابەند بێت بە ڕێسا و یاساکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە (ڕاوکردن)، چونکە لە بەرژەوەندی گشتی مرۆڤەکاندایە و هەرشتێکیش لە بەرژەوەندی گشتی مرۆڤدا بێت؛ شەریعەتی ئیسلام پشتگیری دەکات، چونکە مەبەستەکانی شەریعەت لەو ڕوانگەیەوە جێ بەجێدەبێت، هەروەها بۆ فەرمانڕەوای موسڵمانان هەیە، کە کاری موباح و درووستیش لە هەندێ کاتدا قەدەغە بکات، ئەگەر لە بەرژوەندی گشتیدا بێت[1]، لێرەشدا ڕاوکردن ئەگەرچی بە مەرج و داڕشتە شەرعیەکانی درووستە، بەڵام چونکە زۆرێك لە خەلکی، بە تایبەت کاربەدەستان، هەل و مەرج و داڕشتەکان جێبەجێ ناکەن، هەروەها زۆرێك لە پەلەوەرو گیان لەبەرانی کوردستان بەرەو فەوتانی یەکجارەکی (انقراض) دەچن؛ پێویستە حکومەتی هەرێم ڕێگای زۆر توند بگرێتە بەرو کاری ڕاو، بە تەواوی سنووردار بکات و لێپرسینەوە بکات بەبێ جیاوازی، لەو کەسانەی کە لە یاساکان دەردەچن.

٤- ئاشکرایە هەر کەسێکیش باڵندەیەك، یاخود گیانلەبەرێك ئازادبکات، بەتایبەت ناوازەکان ئەوا کارێکی چاکی ئەنجامداوەو پاداشتی لە پاشە ڕۆژدا لە سەر وەردەگرێت، چونکە لە چوارچێوەی پارێزگاریکردنی بەرژەوەندیە گشتییەکانی موسڵماناندایە خودای گەورە هاوکاری دڵسۆزانە ..

ئەنجومەنی باڵای فەتوای کوردستان
١٧/شەعبان/١٤٤٠هـ - ٢٠١٩/٤/٢٣ز

[1] - بروانە: روضة الطالبين للنووي: ٤٧/١٠ و تحفة المحتاج لابن حجر مع حاشية الشيرواني: ٧١/٣